# ترس و تۆقاندن و هەڵبژاردن !

د. بورهان أ. یاسین

2009-5-4

ماوەیەکە باشووری کوردستان جولە و بزاڤێکی زۆری تێکەوتووە بە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکان. دەکرێ ئەم جۆشوخرۆشە لە دوو ووشەدا کورتبکرێتەوە: ئارەزوو و هیواخواستن بە گۆڕان* لە لایەك وە ترس لە گۆڕان لە لایەکی ترەوە. جێگەی سەرنجە کە ئەوانەی لە گۆڕان ترساون بە ئامرازی جۆرار و جۆری ترساندن و دێواندن و تۆقاندن ئەو ترسە بەرهەمدەهێننەوە بە هیوای ئەوەی رێگە لە گۆڕانکاریەکان بگرن وە یا هەر نەبێ گۆڕانەکان ئەوەندە سنوردار و کەم کاریگەری بکەن بۆ ئەوەی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، بەو شێوەیەی کە خۆیان دەخوازن، مسۆگەر بێت.

سەرەتا گرنگە هەردوو چمکی دێواندن و ترس (ترس بە هەردوو رووەکەیەوە: ترس لە ئەویتر وە ترساندن و تۆقاندنی ئەو ئەویترە) روونبکەینەوە، وەك بۆ مەبەستی ئەم وتارەی بەردەست بەکارهاتوون. دێواندن (ناشیرینکردن)ی ئەویتر یا بە مەبەستی لەناوبردنی ئەویتر یا بێبەهاکردنی وە یا بە مەبەستی ئاسانکاری سڕینەوەی ئەو ئەویترە بەکاردەبرێت. دێواندن ئەو مێتودەیە کە لە هیچ کەلێنێکی کولتوری سیاسی دیمۆکراسیدا جێگەی نابێتەوە، تا ئەو جێگەیەی ئەو ئەویترە نەچووبێتە ئەوپەڕی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و ئەوەشی قەبوولبێ کە رێز بۆ بەها و میکانیزمە هەرە بنچینەییەکانی دیمۆکراسی دانابێت و خوازیاری بەشداریکردن لە پرۆسەی دیمۆکراسیدا بێت.

بەبێ ئەوەی لێرەدا هەوڵی پێناسەی ترس بدەین وەك دیاردەیەکی دەروونی رووت، دەکرێ ترس لە کاتی گشتاندن (socialization)یدا ببێ بە دەربڕی حاڵەتێکی هەستکردن بە ترس لە لایەن کۆمەڵێ کەس، بزاڤێکی کۆمەڵایەتی، حیزبێك وە یا دەوڵەتێك. . .هتد. دەسەڵات و سەرکردە نادیمۆکراتەکان وە بە تایبەتی دیکتاتۆرەکان لە دوو رەهەندەوە ئاڵودە و ئەسیری ترسن، کە لە راستیدا هەروو رەهەندەکە رێك دوو دیوی هەمان دراو پێکدەهێنن وە لەسەر هەر دوو دیوی ئەو دراوە هەمان وشەی ترس نووسراوە بەڵام بە یەك جیاوازی گرنگەوە: لە دیوێکیان دکتاتۆر لە جەماوەر و ئیرادەکەی دەترسێ و دەتۆقێ بەڵام لە دیوەکەی تریان دکتاتۆر تا بۆی دەکرێ ئەو ئیرادەیە دەترسێنێ و دەتۆقێنێ.

لە راستیدا هیواخواستن بە گۆڕان لە لایەك وە ترس لە گۆڕان لە لایەکی تر دوو خەسلەتی لەیەکتر جیانەکراوەن لە پەیوەندی بە گۆڕنکاری و چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە تیایدا هەوڵی گۆڕان و چاکسازی درابێت وە بدرێت. ئەم بۆچوونە (واتە هیواخواستنی هەندێك کەس و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕان لە لایەك وە ترسی هەندێکی تر لە گۆڕان لە لایەکی ترەوە) رێك مەنهەجی تێگەیشتنی شارەزای ناودار ئیلی کیدوریيە لە مەڕ ریفۆرمەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا. بەڵام ئەوەی حاڵەتی باشووری کوردستان لەو حاڵەتە مێژووییانە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دژایەتیەکی یەکجار ناکۆك وە بگرە کوشندەش سەری هەڵداوە لەو بەشەی کوردستان بە پەیوەندی لەگەڵ نزیکبوونەوەو جۆشوخرۆش بە رووی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، کە دەرهاویشتەیان، وەك چاوەڕواندەکرێت، هەندێ گۆڕان دەبێت.

دژایەتیەکە لە رەفتاری دەسەڵاتی باشووری کوردستان ئەوەیە کە لە لایەکەوە بانگەشەیە بۆ دیمۆکراسی، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو پەڕی دێواندن و ترساندن و تۆقاندنی ئەوی ترە بە مەبەستی تەسککردنەوەی پانتایی پرۆسەی دیمۆکراسی. هەر لێرەوە وەکوو خاڵی لێوەدەرچوون پێویستە ئەوە بڵێین کە دێواندن و تۆقاندن لە هیچ رەهەندێك و برگەیەکدا لەگەڵ کولتور و رەوتی دیمۆکراسی تەندروست یەکناگرنەوە بەڵکو زیاتر لەگەڵ خەسلەت و هەڵسوکەوتی فاشیانە یەکدەگرنەوە؛ بەم مانایە دێواندن و تۆقاندن ئامرازی هەرە کاریگەر بوون کە فاشیەکانی لە ئیتالیا لە سەرەتای بیستەکان وە نازیەکان لە ئەڵمانیای پێ هاتنە سەر حوکم.

لە نیگا و لێووردبوونەوەیەکی بە پەلە لە شێوەی هەڵسوکەوتی سەرانی کورد لە باشووری کوردستان دەتوانین بە ئاسانی ئەوە تێبینی بکەین کە دەسەڵاتدارانی کوردستان نەك هەر ترساون لە هەڵبژاردنەکان بەڵکو دەتوانین باس لە حاڵەتی هیستریاش بکەین. کاتێکیش کە کاربەدەستانی وڵاتێك توشی هیستریا دەبن یا لەو حاڵەتە دەروونی—سیاسیە نزیك دەبنەوە ئەوا سروشتیە چاوەڕوانی هەڵەی کوشندە و بگرە هەنگاوی کاریسەئامێزیشیان لێبکرێ.

## ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان

لە ماوەی کورتی رابردوودا وە بە تایبەتی لە هەنگاوەکانی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان کۆمەڵێك هێما و سیگناڵی ناتەندروست و نیگەرانئامێز باڵیانداگرتووە بەسەر ئەو ئامادەکاریانە. ئەو هێمایانە دەربڕی هەندێك رەفتارن کە لە چڕبوونەوەیاندا ئەگەری ئەوە هەیە باشووری کوردستان بەرەو ئاقاری ترسناکیش دەبەن. گفتوگۆ لەسەر یاسای هەڵبژارنەکان، کە وەك بڵێی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا خەوتبوون، بۆ کاتێکی کورت بەر لە هەڵبژاردن دواخرا بۆ ئەوەی بە بەهانەی کەمی کات هەمان یاسای هەڵبژاردنی ساڵی 1991 بەکار بهێنین. مەسەلەی زامنکردنی بودجەی هەڵبژاردنەکان یاریەکی تر و دەربڕێکی تری ترسی دەسەڵات بوو لە هەڵبژاردن. لەمانەش هەمووی گرنگتر دیارنەکردنی رۆژی هەڵبژاردنەکانە؛ کەچی کاتی ناونووسکردنی لیستەکانیش تەواو بوو و خەریکە کاتی گەڵاڵەکردنی هاوپەیمانیەکانیش تەواو دەبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتی هەڵبژاردنەکان دیارینەکراوە. ئەم شێوەی هەڵسوکەوتی دەسەڵات کۆمەڵێك شت دەداتە دەستەوە: 1) ترس و دڵڕاوکێ لە هەڵبژاردن؛ 2) دیارکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن رەهینەیەکە دەسەڵات لە دەستی خۆیدا دەیهێڵێتەوە تا چرکەساتێکی چارەنووسساز؛ 3) سەروەربوونی یاسا گاڵتەجاریەکە و لە روانگەی سیاسی باشووری کوردستاندا دەسەڵاتی دەرەوەی یاسا سەروەرە؛ 4) بڕیار لەسەر لیستی داخراو ئامرازێکە بۆ تەسککردنەوەی جددی مافە دیمۆکراسیەکان وە ئامرازێکیشە بە دەست دوو لایەنی دەسەڵاتەوە بۆ مسۆگەرکردنی بردنەوە لە هەڵبژاردنەکان؛ 5) دابەزینی پارتی و یەکێتی بە یەك لیست و بگرە هەر لە ئێستاشەوە ئاماژەدان بە دابەشکردنی پۆستە هەرە گرنگەکانی دەسەڵات هێمایەکە بە ئاراستەی هەوڵی ئەو دوو حیزبە بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان بۆ ماوەیەکی تریش.

رەهەندێکی گرنگیش لە پرۆسەی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن ناهاوسەنگیەکی جددی ئەوەیە کە لایەنەکانی دەسەڵات خاوەنی دەیان دامودەزگای راگەیاندن و کاریگەرین و زوریش بەر لە دەستپێکردنی رەسمی پرۆپاگاندە ئەم دەزگایانەی راگەیاندن خراونەتە گەڕ بۆ کاریگەریخستنە سەر را و بۆچوونی هاوڵاتیانی کوردستان. جگە لەوەش شاردراوە نیە کە دەسەڵاتی ئابووری بە تایبەتی لە شێوەی قۆرخکردنی سەرچاوەکانی بژێوی خەڵك وە

(زۆر بە تایبەتیش هی فەرمانبەرانی دەوڵەت) و بەکارهێنانیان بۆ کاریگەری خستنە سەر رای تاکەکان. لە راستیدا ئەو حاڵەتەش نزیکترە لە کەراکتەری ئەو رژێمە شمولیانەوە کە بە دڵەڕاوکێوە هەندێك ریفۆرمی سیاسی دەکەن بە مەبەستی جوانکردنی رووی دزێوی دەسەڵاتیان.

دەستنیشانەکردنی کاتی هەڵبژاردن تا دوای دەستپێکردنی کاتی خەملاندنی هاوپەیمانیەکان نەك هەر دەربڕی رێزدانەنانە بۆ ئوسولە یاساییەکان بەڵکو دەربڕی حاڵەتی گومان و ترسە لەمەڕ ئەگەر و دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردن. لە چوارچێوەی ئەو گومان و ترسەدا نیشانەی پرسیارێکی پارتیش لەسەر جەدوای هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتیدا گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ: هەرچەندە ئەم هاوپەیمانیە لە رواڵەتێکی رەسمیدا وا گوزارەشی لێدەکرێت وەك ئەوەی ئەو هاوپەیمانیە چارەسەر بێت بۆ کۆمەڵێ کێشە و سەرئێشەی چارەنووسساز، بەڵام راستیەکەی ئەم هاوپەیمانیە کۆمەڵێ کێشەو گرفتیش دەشارێتەوە کە دواجار دەکرێ لە هەر کاتێکدا بتەقنەوە. ئاخر، بۆ نموونە، کەمنین ئەوانەی لەناو پارتیدا دابەزینی نەوشیروان مستەفا بە لیستی جیاواز بە "پیلان" تێدەگەن، وە بە پێی ئەم بۆچوونەش خودی یەکێتی بێ گوناه نیە ! هێماکان ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەگەر ئەو هاوپەیمانیەی پارتی و یەکێتی تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش بەردەوام بێت ئەوا دیسان ئەگەری روودانی هەندێك "موفاجەئە" هەیە دوای هەڵبژاردنیش.

## دێواندن و تۆقاندن و هەڵبژاردن

تێبینیەکی بە پەلە لە میدیا و راگەیاندنی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان کە تییدا بە زۆر شێوەی دێواندن و ناشیرینکردنی ئەویتر و هەندێ جاریش باسکردن لە هێڵی سوور لە هەڕەشەی راستەوخۆ (وەك ئەوەی لە عەبدولسەوور بارزانی کراوە) دەخوازرێ هەر لە ئێستاوە بە ئاراستەیەکی روون و ئاشکرا، بەدەر لە خەسڵەتە زانراوەکانی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی، کاریگەری بخرێتە سەر دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە ئاقاری مانەوەی دەسەڵات بە دەست پارتی و یەکێتی. وە ئەگەر دەسەڵات بەردەوامبێ لە هەڵسوکەوتکردن بەم شێوەیە ئەوا ئەگەر هەیە کە زۆر پێشوەچوونی نەخوازراو (لەوانەش بەکاربردنی زەبروزەنگ)ی لێبکەونەوە.

لە خوێندنەوەیەکی بە پەلە لەو هێمایانە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا ئەو دیاردەی دێواندن و ناشیرینکردن و تۆقاندن کورتبکەینەوە:

**1)** زۆر جار لە میدیا حیزبیەکان و هەندێ جاریش لەسەر زاری بەرپرسانی بەرزی دەسەڵات بۆ شێواندنی روانگەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و تۆقاندنی خەڵك بە ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئەو رەوتە لە کوردستان، بە تایبەتی لە رێگەی لێکچواندنی ئەو رەوتە بە حەماسی فەلەستینیەکانەوە، شێوەیەکی هەرە بەرچاوی دێواندنە. هەر لە ئێستاوە بانگاشەکردن بۆ ئەوەی کە سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستینیەکاندا کێشەی فەلەستینی بەرەو کوێ برد "دەکرێ سەرکەوتنی رەوتە ئیسلامیەکانی باشووری کوردستانیش بەهەمان شێوە کوردستان بەرەو کاریسە ببەن". لەم رووەوە مرۆڤ دەتوانێ چەند تێبینیەك بدات کە لە لایەکەوە ناراستگۆیی وە لە لایەکی ترەوە ترسناکی ئەو جۆرە دێواندنەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەخەنە ڕوو: **1-** بە باوەری من ئەم جۆرە دێواندنە دەکرێ ببێتە هۆی لەتبوونی ئەوەی من پێیدەبێژم پانتاییی نەتەوە لە باشووری کوردستان وە بەم مانایەش دەکرێ سەرەتایەك بێت یا رێگەخۆشکەر بێت بۆ وەدەرنانی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە پانتایی نەتەوە. لەم رووەوە ترسی جددی ئەوەیە کە بەم شێوەیەی دێواندنە ئەم رەوتە

بەرەو دەرەوەی ئەم پانتاییە پاڵبدرێت وە لەوەش خەتەرێکی ستراتیژی دەکەوێتەوە؛ 2- مرۆڤ دەتوانێ پرسیارێکی جددی بکات، کە لە راستیدا لە وەڵامێکی ئەرێنیدا بۆ ئەو پرسیارە دەکرێ ناراستی ئەو دێواندنە دەربکەوێ، پرسیاریش ئەوەیە: ئایا بۆ ناکرێ هەر نەبێ بەشی هەرە گرنگ و کاریگەر لە ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستان لە حیزبی (ئا.ك.پ)ی تورکیا بچوێندرێت ؟ بە هەر حاڵ بە باوەڕی خۆم لەیەکچواندنی یەکگرتوی ئیسلامی لەگەڵ (ئا.ك.پ) راستی زێتر تیایە تا لێکچواندنی لەگەڵ حەماس؛ 3- سیاسەتی پارتی و یەکیەتی کەمتر کاریسەئامێز نەبووە بۆ کورد لە ئەوەی حەماس بۆ فەلەستینیەکان. ئاخر شەڕە خۆکوژی و نەتەوەکوژیەکەی ئەو دوو حیزبە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و سیاسەتە گەندەڵەکەیان لە دەسەڵاتدا زۆر تێپەڕی کردووە لەو نەهامەتی و چەوتیانەی کە لە سیاسەتی حەماس کەوتوونەتەوە وە بگرە هەر ئەو شەڕە نیگریسەش بوو کە یارمەتی ئیسلامی سیاسی دا لە کوردستان بۆ گەشەکردن؛ 4- لە چوارچێوەی تەرتیباتی فیدرالیدا پێکهاتەکانی ماڵی کورد هەم لە بەغدا وە هەم لە هەرێمیش واڵا و کراوەیە بۆ ئەوەی دەستی نەتەوەی زۆرینەی لە عێراق بەو پێکهاتانە بگاو هاوپەیمانیان لەتەکدا بکا بە مەبەستی لاوازکردنی ماڵی کورد؛ 5- پرسیارێکیش لەو کەس و لایەنانەی وا بە ئاسانی رەوتی ئیسلامی سیاسی بە حەماس دەچوێنن ئەوەیە: ئایا دەسەڵاتی کوردی بۆ "حەماسەکانی" بەغدای قەبووڵە کە هەر نەبێ بەشێکی گرنگیان ئەمڕۆ لە گۆشەبینینێکی تەواو عوروبی و شۆڤینیستانەوە مامەڵە لە تەك کورددا دەکەن. زۆریش گرنگە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ئەوە بزانن کە ئیتر بۆچوونی رەسمی جیهانی رۆژئاوا، بە ئەمریکاشەوە، یەکانگیرە لەگەڵ بۆچوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە پسپۆڕانی بوارەکانی ئیسلام و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لەوانەش بۆ نموونە گراهام فولەر) کە بەڵێ ئەگەر پرۆسەی دیموکراسی دەرفەتی سەرکەوتنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وە لە جیهانی ئیسلامی بە گشتی هەبێت ئەوا لە رێگەی بەشدارییپێکردن و ئیستیعابکردنی *ئیسلامی سیاسی میانڕەو* (جختیدەکەمەوە، میانڕەو) دەبێت.

2) دەسەڵات دەخوازێ کورد بەوە بترسێنێ کە گوایە ئەو بارودۆخەی کە کوردی لە باشوور تیایە ناسکە و بەو مانایەش بارودۆخەکە گۆڕانکاری گەورە و بنەڕەتی هەڵناگرێ. . . بەر لە هەر شتێك ئەوە رێك گوتاری سۆڤیەتی پێشوو و رژێمە هاو شێوەکانی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا و رژێمە نادیموکراتەکانی جیهانی سێهەم وە بە تایبەتیش رژێمە هاوشێوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. بە لێکۆڵینەوەش دەرکەوتووە کە جختکردنەوەی رژێمە عەرەبیەکان بە درێژایی دەیان ساڵ لەسەر ئەوەی پێیدەوترێ "ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب و ترس لە هەڕەشەکانی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم" یەکێك لە هۆکارەکانی بەهێزبوونی رژێمە شمولیەکانی وڵاتانی عەرەبی و دواکەوتنی رەوتی بەدیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانە بووە. جێگەی نیگەرانیە کە هەندێ جار بەشێك نووسەر و روژنامەنووسیش دەکەونە هەڵەی ئەوەی کە گوایە کورد هەمووی لەناو پاپۆڕێکدایەو نغرۆبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان رێك بە مانای نغرۆبوونی تەواوی نەتەوەی لێدەکەوێتەوە. ئەوە رێك ئەو گووتارەیە کە دەسەڵات حەز دەکات بەکارییبات و بیبیستێت. هەر ئەو هەڵەیەشە کە بەشێك لە نووسەر و رەوشەنبیر و روژنامەنووسانی وڵاتانی عەرەبی تێیکەوتوون.

3) ترساندنی راستەوخۆ: ئەوەش گەیشتە ئاستێکی هەرە ترسناك لەگەڵ هەڕەشەکردن لە عەبدولموسەوور بارزانی. راستە ئێمە هیچ بەڵگەنامەیەکی نووسراومان لەبەر دەستدا نیە کە ئەم هەرشەشەیە، رێك بەو شێوەیەی کە لە هەندێك لە میدیاکاندا هاتووە، کرابێت لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەڵام تا ئەو کاتەی سەرۆکی هەرێم لەم مەسەلەیە بێدەنگ بێ و بە رەسمی و بە شێوەیەکی شەفافانە ئەو هەواڵە رەدنەکاتەوە، ئەوا دەتوانرێ ئەو بێدەنگی و رەدنەکردنەوەیە وەك پشتراستکردنەوەی ئەم هەواڵانە بخوێنرێتەوە. ئەگەر ئەو هەڕەشەیە نەکراوە با سەرۆکی هەرێم راگەیندراوێکی رەسمی بدات وە کەیسەکە بدات بە دادگا وەکو حاڵەتی گوناهبارکردن و تومەتبارکردن بە هەڕەشەی کوشتن. ئەگەر سەرۆکی هەرێم خۆی بە هاونیشتمانیەك دەزانێ و خۆیشی لەسەرەوەی یاسا دانانێت با ئەو کەیسە بداتە دادگا ! تێگەیشتنێکیش بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم کارێکی لەو جۆرە ناکات ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم ئەم کێشەیە لە چوارچێوەیەکی بنەماڵەیی و خێڵدا دەبینێت و لەبەر ئەوەش پێویست ناکات ئەو کێشەیە بکەوێتە قاڵبی یاسا و رەهەندی هاوڵاتیبوون و دادپەروەری !

## گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە

ناکرێ بە ئاسانی بۆچوونێك پیادەبکەین وەکوو ئەوەی کە گوایە ئەم هەڵبژاردنانە دەبنە ئامرازی دانانی کۆتایی بۆ قۆناغی پێشوو وە سەرەتادانان بۆ قۆناغێکی تەواو تازە. بە هەر حاڵ چارەنووس لە دەرهاوێشتەی ژمارەی ئەو دەنگانە نیە کە ئەو یا ئەم لیست دەیهێنێت بەڵکو لەوەدایە کە تا چەند لە رووی چەندایەتیەوە سیاسەتەکان دوای هەڵبژاردن دەکەونە قۆناغێکی نوێوە و ئەو سیاسەتانە لە رووی چۆنایەتیەوە چەند گۆڕاو دەبن.

لە لایەکی ترەوە هەڵبژادنەکانی داهاتوو دەتوانن، لە رووی ناوەخۆوە، لە دوو روەوە گرنگیان هەبێ، کە بە هەر حاڵ ئەم دوو رووە (یا رەهەندە) ناکرێ لە یەکتر جیابکرێنەوە: 1) تەکاندان بە گۆمە مەنگەکەی باشووری کوردستان کە تیایدا چیتر گەندەڵی و ناپاکی دەسەڵاتداران لە ئاستی هەندێ هەڵەی ئیداری یا چاوبرسیەتی چەند بەرپرسێك و هەندێ هەڵە کە لە ئاکامی نەبوونی ئەزموونی دەوڵەتداری و بەدەوڵەتبووندا نین: گەندەڵی تەواوی دەسەڵاتی گرتۆتەوە و بووە بە شێرپەنجەیەك لە جەستەی نەتەوەی کوردا، گەندەڵی بووەتە ئەو دیاردەیەی کە وای لە تاکی کورد کردووە لە بڕی شانازی بە کوردبوون و دەسەڵاتی باشووری کوردستان هەست بە نامۆبوون و دابڕان و بێئاراستەبوونی سیاسی و ناڕوونی چارەنووس و ئایندەی نەتەوەکەی بکات. دەنگدان بە ئاراستەی (یا راستتر بڵێین بە مەبەستی) شەڵەقاندنی ئەو گۆمە بۆگەنکردوە خۆی لە خۆیدا گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ؛ 2) لە لایەکی تریشەوە، دەکرێ دەرهاوێشتەی هەڵبژاردن بۆ یەکەم جار لە دایکبوونی ئۆپۆزیسیۆن بێت کە لەو حاڵەتەشدا کەرەتی یەکەم دەبێت باشووری کوردستان ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە بەخۆیەوە ببینێت. دواجار باسکردن لە بوونی ئەزموونی دیموکراسی لە باشووری کوردستان لە ماوەی 18 ساڵی رابردوودا ناراسگۆییەکی گەورە و چەواشەکاریەکی ئاشکرایە: ئاخر لە کوێی ئەم دونیایە سیستەمێکی دیموکراسی بەدیدەکرێ کە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و ئازادی تێدانەبێت. لە رێگەی قۆرخکردنی دەسەڵات و دەستبەسرداگرتنی پێداویستیە مادییە پێویستیەکانی تاك و بژێوی ژیانیان کۆمەڵگەی مەدەنی و حیزبەکان هۆکاری سەرەکی و ئامرازی هەرە کاریگەرە لە رێگەگرتن لە هاتنەکایەی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و خاوەن ئیرادە و راستەقینە.

رەهەندێکی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان دەبێ باسوخواس و هەڵوەستە بێت لە ئەگەرەکانی پێشووەچوونی پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان و عیراق. لەم بارەیەوە دەبێ ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ ئایا

لیسته ئەلتەرناتیڤەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان (واتە ئەو لیستانەی دەرەوەی لیستی پارتی و یەکێتی) چەندە بۆچوونەکانیان لەگەڵ ئەوەی پارتی و یەکێتی جیا دەبێ کاتێك کە باس دێتە سەر پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی. لەم بارەیەوە دەکرێ ئاماژە بە دوو تێبینی بکرێ: 1) باوەڕناکەم لیستەکانی دەرەوەی لیستی پارتی و یەکێتی بتوانن لە پڕۆگرامی هەڵبژاردنیاندا بە شێوەیەکی ریشەکێش خۆیان لە پاشماوەکانی سیاسەتی پارتی و یەکێتی، بە تایبەتی گرێدانەوەی کورد جارێکی تر بە دەوڵەتی عیراق، رزگار بکەن. چ لیستی پارتی و یەکێتی چ هەر لیستێکی تر بە باڵادەستی لە هەڵبژاردن دەربچێ یا بە شێوەیەك بەرەوە بێت کە خۆی بتوانێت حکومەتی داهاتوو دامەزرێنێ، ئەوا لە هەموو حاڵەتێکدا حکومەتی داهاتووی کوردستان بەرەوڕووی هەمان ئەو تەحەددا و کێشانە دەبێتەوە کە ئەمڕۆ باشووری کوردستان بەرەوڕوویانە لەگەڵ بەغدادا؛ 2) لە لایەکی ترەوە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە نەخشەی سیاسی و هەڵکەوتەی حکومەتی داهاتوو دەتوانێ دوو کارئاسانی بۆ کورد لە باشوور بکات: أ- ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتێکی تازەی کوردی مەیدان لەبەر شێوەیەکی تری مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا و لە لایەن بەغداشەوە بەڕووی کوردستان بکاتەوە؛ ب- حکومەتێکی نوێ کە لە ژێر هەیمەنەی پارتی و یەکێتیدا نەبێت دەتوانێ، گەر بخوازێ، بە جۆرێکی تازە پێداگری لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بکات.

لە رووی جیهانیەوە دەکرێ ئەم هەڵبژاردنانە زۆر جیاواز بن لە دوو هەڵبژاردنەکەی پێشوو: بە بۆچوونی خۆم (لە رێگای خوێندنەوەی هەندێك هێما و پێشوەچوون) دەکرێ ئەوە بڵێین کە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە بگرە گرنگیەکی ئیستسنائیش لە لای کۆمەڵگەی جیهانی وەردەگرن. لێرەشدا دەسەڵاتی پارتی و یەکیەتی بە ترس و دڵەڕاوکێ لەو هێما و پێشوەچوونانە نزیکدەبێتەوە. ئاخر ئەوەتا سەرانی کورد لە لایەکەوە بە نیگەرانی زۆرەوە هێماکانی ئیدارەی ئۆباما (بە کشانەوە لە عیراق) وەردەگرن و ئارەزوویەکی زۆر توندیش دەردەبڕن بۆ مانەوەی ئەو هێزانە، هەر نەبێ لە باشووری کوردستان. کەچی، لە لایەکی ترەوە، هەر ئەو دەسەڵاتە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی کە ئەمریکا سێ بەتالیۆن دەنێرێتە کوردستان بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا لەسەر زاری وتەبێژی وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە (جەبار یاوەر)، بە راشکاوی ئەوەی راگەیاندرا کە کورد پێویستی بە هێزی ئەمریکا نیە بۆ پاراستنی هەڵبژاردنەکان. ئاخر ئەمریکاش دەزانێ کە هێزە کوردیەکان توانای پاراستنی ئاسایشی کوردستانیان هەیە (بە هەر حاڵ هەر نەبێ ئاسایشی ناوخۆ)، بەڵام ئەو راستیەی تریش کە ئەمریکا دەیزانێ ئەوەیە کە دەسەڵاتی پارتی و یەکیەتی لەوە سڵناکەنەوە هەر ئەو هێزە کوردیانە بەکاربێنن بۆ ترساندن و تۆقاندن و کاریگەری خستنە سەر رەوتی هەڵبژاردنەکان.

ئەم هەڵوەستە پڕ لە ناکۆکیەی دەسەڵاتی پارتی و یەکیەتی، کە تەواو پراکتیزەکردنی سیاسەتی بانێکە و دوو هەوایە، دەتوانێ بە زیانی گەورە بۆ کورد تەواو ببێ کە ئەگەری ئەوەش دەکرێ ئەو زیانلێکەوتنە بگاتە ئاستە هەرە ستراتیژیەکانیش. مرۆڤ دەتوانێ لەوە بگات کە لێرەو لەوێ، بۆ نموونە، رژێمەکانی ئێران و سوریا بکەونە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام هەرگیز مرۆڤ ناتوانێ لەو "ناکۆکیەی" دەسەڵاتی کوردی بگات لەمەڕ رەدکردنەوەی هاتنی هێزی ئەمریکای (بە قسەی خۆیان، دۆست و هاوپەیمان) بۆ کوردستان بۆ پاراستنی هەڵبژاردنەکان. ئاخر ئەو هێزانە بە گوڵ لە لایەن دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەخێرهاتنیان دەکرا ئەگەر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە بهاتنایەتە کوردستان ! پارادۆکس (موفارەقە) ئەوەیە کە کورد دەیان ساڵە

خەباتێکی پڕ لە خوێن و تراژیدیاویان بۆ کرانەوەی هەرچی دەرگاو پەنجەرەی جیهان هەیە بەڕووی کوردستاندا، بەڵام ئەوەتا دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، لە ترسی ئەوەی کە نەخۆ دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنەکان بە دڵی ئەوان نەبێ، بە ترس و دڵەڕاوکێوە لەو دەرگاو پەنجەرە کراوانە نزیکدەبنەوە؛ بەڵێ ئەوان، بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان، زێتر خوازیاری بەداخراوی هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردەوارین.

جێی گومان نیە کە هەڵوێستی ئەمریکا بۆ ئەوانە گرنگە کە ئەمڕۆ لە دەسەڵاتدان وە بۆ ئەوانەش گرنگە کە خوازیارن گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دەسەڵات باشووری کوردستاندا بکەن. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی: ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە دەڵێت ئەمریکا تا سەر (بە هەر نرخێك دەبێ با ببێ) پشتگیری لە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەکات. بەڵام ئەوەش هەڵەیە گەر وابزانرێت ئەمریکا بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە هەوڵەکانی گۆڕان دەکات (لە رۆشنایی ئەو بۆچوونەی کە گوایە ئەمریکا بە زەروورەت لەگەڵ رەوتی دیموکراسی و چاکسازی دایە). راستە هەندێك هێما هەن کە لە لایەن هەندێ بەرپرسی ئەمریکیەوە دەربڕاون، کە دەتوانرێ وەك لایەنگیربوون لە گۆڕانکاری لە کوردستان بخوێندرێنەوە بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە سیاسەتی رەسمی ئیدارەی ئەمریکا لە گۆشەبینیەکی واقیعیەوە ناخوازێ بە توندی و راشکاوانە پشتگیر بێت بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە باشووری کوردستان. لە لایەکی ترەوە ئەمریکا رێگە لەو جۆرە گۆڕانە ناگرێ بەڵکو بە زوویش خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێ و بگرە بەخێرهاتنیشی دەکات. دواجار ئەوە ئەمریکا نیە شتەکان یەکلاییدەکاتەوە بەڵکو ئەوە ئیرادەی دەنگدەرانی کوردستان دەبێتە یەکلاکەرەوە. ئەمریکاش بە ئەگەری زۆر بەبێ دواکەوتن خۆی لەگەڵ گۆڕاندا دەگونجێنێ و هەوڵ دەدات پردێکی لەیەکگەیشتن لەگەڵ ئەکتەرە تازەکانی دەسەڵاتی کوردستاندا بینابکات.

## دەرئەنجام

ئاشکرایە کە روو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی باشووری کوردستان کۆمەڵێ ئەگەری گرنگ لەخۆ دەگرن. هیوابەخشین لە لایەك وە ترس لە دەرهاوێشتەی هەڵبژاردنەکان دوو خەسڵەتی هەرە گرنگی ئەو هەڵبژاردنانەن. لەم بارەیەوە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەخوازن روانگەی کوردستان، بە هەر حاڵ بە زمنی، وەها وێنابکەن وەك ئەوەی هەموو خەڵکی باشووری کوردستان لە پاپۆڕێك دان و ئەگەر خەڵکی دەنگ بەو دەسەڵاتە نەداتەوە ئەوا ئەگەری غەرقبوونی بە تەواوەتی ئەو پاپۆڕە هەیە. لەم شێوەی گووتارە دەخوازرێ ئەوە بە خەڵکی بگووترێ بەڵێ کلیلی دواڕۆژی باشووری کوردستان لە دەست پارتی و یەکێتی دایە هەر ئەوانیشن دەتوانن ئەو پاپۆڕە بگەیەننە ئاقاری هێمنیی. . . بە هەر حاڵ راستیەکەی ئەوەیە کە سیاسەتی پارتی و یەکێتی بەر پرسە لە نەهامەتیەکانی شەڕی خۆکوژی و نەتەوەکوژی و بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی تا سەر ئێسقان گەندەڵ کە بووەتە هۆی تێکشکاندنی لە ناخ و ناوەوەی باوەڕ بە نەتەوەبوون و بە دواڕۆژ بوون.

لەوەدەچێ کە هەر نەبێ بەشێك لە خەڵك لە باشووری کوردستان لەوە گەیشتوون کە ترساندنی خەڵك، بەوەی کە کورد باری ناسکە و دەوری دراوە بە ناحەز وە هەڕەشەی زۆری لەسەرە و ترسی نغرۆبوونی پاپۆڕەکەی هەیە، لەبەر ئەوەش باری کوردستان گۆڕانکاری بنەڕەتی و بەرفراوان هەڵناگرێ، هیچ بنەمایەکی نیە. لە راستیشدا، هەرنەبێ دوای رووخانی رژێمی سەدام، ئەوە بە جوانی دەرکەوت کە بانگەشەی دەسەڵات بە بوونی کۆمەڵێ هەڕەشە لەسەر کوردستان، وەك بیانۆی نەکردنی گۆڕانکاری گرنگ، تەنانەت بانگەشەیەکی ناڕاستگۆیانەش بووە. خەڵکی کوردستان، بگرە بە دەسەڵاتیشەوە، ئەوە باش دەزانن کە بەو ماوە کورتەی دوای

کەوتنی رژێم لایەنی عەرەبی لە عیراق (یا با بڵێین بەغدا) پێشکەوتنی زێتری بەدەستهێناوە بە بەراوورد لەگەڵ 18 ساڵەکەی باشووری کوردستان؛ ئەمە لە کاتێکدا کە لەم ماوەیەدا هەڕەشەکانی سەر بەغدا (لە ناوەوە و لە دەرەوەڕا) یەکجار زۆرتر بوونە لەو هەڕەشانەی سەر باشووری کوردستان. لە راستیدا لە عیراقی عەرەبیدا کۆمەڵێك ململانێ لە ئاستی ناوەخۆ و ئیقلیمی و نێونەتەوەیی بە چڕی و بە توندی یەکتریان گرتەوە تا رادەیەکی یەکجار ترسناك. ئاخر ئەوەتا لە لایەکەوە سەرانی هەرێم بە شانازیەوە هیچ دەرفەتێکیان لەدەست نەداوە کە تیایدا جختنەکەن لەسەر بوونی ئاسایش لە هەرێم بە بەراوورد لەگەڵ عیراقی عەرەبی (عیراق بەبێ باشووری کوردستان) بەڵام هەر خۆیان، بۆ ترساندنی خەڵکی باشووری کوردستان، بە تایبەتی وەختێك باسی گۆڕانکاری دێتە گۆڕێ، بەهانەی بوونی کۆمەڵێك هەڕەشە لەسەر ئەو بەشەی کوردستان دەهێننەوە.

ئەوانەی لە خەمی توکمەیی و بەهێزی پانتایی نەتەوەدان وە دەیانەوێ بە شێوەیەکی تەندروست ئەم پانتاییە رێکبخەن ئەوا دەبێ دوو پرەنسیپی کوردستانیبوون و دیمۆکراتبوون لە قوڵایی باوەڕەوە پەیرەو بکەن. ئەگەر ئەوەمان قەبووڵ بێت کە کورد لە باشوور بەرەوڕووی چارەنووسێکی نادیارە و لایەنی عەرەبیش لەوە سڵناکاتەوە کە تا لە توانایدا بێت درز دەخاتە ناو ئەو پانتاییەوە و دزە دەکاتە ناوی و بە مەبەستی دابڕاندنی پێکهاتەیەك یا چەند پێکهاتەیەك لەم پانتاییە، ئەوا پێداویستیەکی حەیاتییە لە رۆشنایی بەکوردستانیبوون و بەدیموکراتیبوونی راستەقینە مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان لە پانتایی نەتەوەدا بکرێت. بەدەر لەم دوو پرەنسیپە و هەوڵدان بۆ سەپاندنی رەنگێکی ئایدیۆلۆژی بەسەر ئەو پانتاییەدا چەوتییێکی جددیە و دەشکرێ بە کاریسە بۆ نەتەوە تەواو ببێ.

رەنگە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان خۆشیان ئەوە بزانن کە هەر ئەو گۆڕانکاریە ئەقلیمی و جیهانیانەی کە بوونە یاریدەدەر بۆ ئەوەی ئەوان دەسەڵات بگرنە دەست لەو بەشەی کوردستان هەر ئەو گۆڕانکاریانەشەن کە بە ئەگەری زۆر، زوو یا درەنگ، دەبنە هۆی لەدەستدانی هەمان دەسەڵات.

ئەگەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لە خەمی ئەوەدان کە پاپۆڕی باشووری کوردستان بگاتە ئاقاری هێمنیی ئەوا پێویستە بە بیرێکی کراوە و لە چوارچێوەی پەیڕەوکردنی هەردوو پرەنسیپی کوردستانی و دیمۆکراتی راستەقینە کار بکەن لەگەڵ روانگە تازەکانی باشووری کوردستان. گرنگە دەسەڵاتداران ئەوەش بزانن کە ئیتر رێگەگرتن لە گۆڕاکاری دەتوانێ ببێ بە هۆی نغرۆبوونی پاپۆڕەکە! ئەوانەی ئەویتر دەدێوێنن و ئەویتر دەتۆقێنن، بە مەبەستی مانەوە لە دەسەڵات، لە راستیدا هەر ئەوانەن دەتوانن ببن بە هۆی هەڵتەکانی ماڵی کورد و پەرتەوازەبوونی و هەر نغرۆبوونێکیش.

---

* ووشەی گۆڕان لەم وتارەی بەردەستدا لە مەبەستە هەرە گشتیەکەی ووشەکەدا بەکارهاتووە نەك بە مەبەستی گوزارەش لە ناوی لیستێکی تایبەتی.